

## ئاڤان عوسمان
## یاریزانی تیپی باڵەی یانەی دەربەندیخان:

# پێویستە رەخنەکانمان دروستکەری جیهانێکی پێشکەوتووی وەرزشی بن

*** چۆن بوو رووت لە بواری وەرزش کرد؟**

- هەر لە منداڵیەوە خولیای وەرزشم هەبووە، بەڵام بیرم نەکردبۆوە کە رۆژێك لە یارییەك خۆم ببینمەوە، تا رۆژێك لەگەڵ دوو هاورێم کە ئەوان یاریزانی باڵەی کچانی دەربەندیخان بوون، چووم بۆ بینینی مەشقەکانیان، بەڕاستی کە لە نزیکەوە تیپەکە و مەشقەکانیانم بینی، خولیای رۆیشتن بۆ یاریی باڵە لام دروست بوو، ساڵی ٢٠١٥ پەیوەندیم بە تیپی باڵەی دەربەندیخان کرد و تا ئێستاش بەردەوامم.

*** بۆچی لەناو ئەم هەموو یارییە وەرزشییە جۆراوجۆرەدا یاریی باڵەت هەڵبژارد؟**

- دەمزانی کە لەم یارییەدا سەرکەوتوو دەبم، بۆیە رووم لەم وەرزشە کرد.

*** ئاستی یاریی باڵە لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

- بەهۆی ژمارەی یاریزان و پەیوەندیکردنیان بە یاریی باڵە و کەمیی تیپ لە قەزا و ناحیە و شارەکانی کوردستان، ئاستی یاریی تۆپی باڵە لە کوردستان بە شێوەیەکی مامناوەند دەبینم، وەکو یاریزانێکیش پێم باشە بە کردنەوەی پاڵەوانیەتی زیاتر و گرنگیدانی زیاتر بە یاریی باڵە هەوڵی بەرەوپێشبردنی بدرێت.

*** کەمیی خولی پاڵەوانێتی ئێوە لەم یارییە سارد ناکاتەوە؟**

- نەکردنەوەی پاڵەوانێتی کاریگەریی بەرچاوی هەبووە بۆ دابەزینی ئاستی یاریزان، چونکە مەشقی بەردەوام و نەبوونی هیچ پاڵەوانیەتییەك کە یاریزان تێیدا بەشدار بێت، دەبێتە هۆی ساردبوونەوەی یاریزانان.

*** چی بکرێت باشە بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە لە شارەکانی کوردستان بەرز بکرێتەوە؟**

- گرنگیی بەردەوام بە ئاستی کچان و کوڕان بدرێت بۆ ئەوەی زیاتر خولیایان بۆ یارییەکە هەبێت و خول و پاڵەوانیەتی بکرێتەوە، پێداویستییەکان و هۆڵ بۆ یاریزانان دابین بکرێ، ئەوانە هەمووی هۆکارن بۆ باشتربوونی ئاستی ئەم یارییە.

*** گرفتی وەرزشی یاریی باڵە لە چیدا دەبینی؟**

- بەشدارینەکردنی کچان و کوڕان لە یاریی باڵە و کەمیی تیپ لە ناوچەکانی کوردستان و کەمیی کردنەوەی پاڵەوانیەتی و نەبوونی پشتگیری خێزانی گرفتەکانی ئەم یارییەن، کەوا دەکات وەرزشدۆستان روو لە وەرزش نەکەن، هاوکارینەکردنی ماددییش هۆکارێکی دیکەیە کە یاریزانەکان نەتوانن ئارەزووەکانیان بەرجەستە بکەن.

*** یانەی دەربەندیخان چۆن هاوکاریتان دەکەن؟**

- لێرەوە جێگای خۆیەتی سوپاسی باوکم و راهێنەری خۆشەویستم مامۆستا عەلی بکەم، کە یاریی باڵەی بە من ناساند، من قوتابی دەستی ئەوم کە بە راستی پاڵپشتی سەرەکیی من بووە، سوپاسی دەستەی کارگێڕیی یانەکە دەکەم، بە دابینکردنی یاریگا و پێداویستییە وەرزشییەکان و بەردەوام بەدەم داواکارییەکانمان دێن و هاوکاریی باشیان کردووین.

*** لە ژیانی وەرزشیت بەهیوای چیت و بەرنامەت بۆ داهاتوو چییە؟**

- وەکو کچە یاریزانێك لە یاریی باڵەدا بەردەوام هەوڵی بەرەوپێشبردنی ئاستی خۆمم دەدەم، بۆ ئەوەی





**تیپی باڵەی کچانی یانەی دەربەندیخان یەکێکە لەو تیپانەی کە لە دەڤەرەکەیان گرنگی بە یارییەکانی کچان دەدات، یانەکەش بە ئامانجی پێشخستنی ئاستی یاریی باڵە لە سنووری دەڤەری دەربەندیخان تیپێکی تۆکمەی پڕ لە یاریزانی بەتوانای لە یانەکەیان کۆکردۆتەوە، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بەم کچە یاریزانانەوە کێبڕکێ لەسەر ئەنجامی شایستە لە خولی باڵەی کوردستان و عێراق بکات، ئاڤان عوسمان یەکێکە لە کچە یاریزانە بەتواناکانی یانەکە و لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠٠ی شاری دەربەندیخانە و قوتابیی قۆناخی دوازدەی ئامادییە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستە کرد و ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

**دیمانە: کارزان کانەبی**



بمە مایەی سەربەرزی بۆ تیپەکەم و شارەکەم.

*** بەهیوای ئەوە نیت هەڵبژاردەی کوردستان بۆ یاریی باڵە دابمەزرێ؟**

- بێگومان ئەوە خەونی هەموو یاریزانێکە کە هەڵبژاردەی کوردستان دابمەزرێت و منیش خەونم ئەوەیە یەکێک لەو یاریزانانە بم.

*** لەم یارییەدا بە چ یاریزانێکی جیهانی سەرسامیت؟**

- سەرسامم بە یاریزان( Ivan zaystev )کە یاریزانی هەڵبژاردەی ئیتاڵیایە.

*** لە هیچ یانەیەك گرێبەستت پێشکەش نەکراوە؟**

- تاکو ئێستا نەخێر، بەڵام چەند یاریزانێکی تیپەکەمان پێشکەشیان کراوە.

*** لە رووی کۆمەڵگەوە تاچەندە شارەکەی ئێوە هاوکارە بۆ وەرزشکردن؟**

- هەرچەندە شارەکەی ئێمە لە چاو شارەکانی دیکە زیاتر پشتگیریی وەرزش دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا بەگشتی ئاستی پشتگیریکردن بۆ وەرزش زۆر لاوازە، بەتایبەت بۆ کچان کە زۆرێك خەونی بەشداریکردنیان هەیە لە یارییە وەرزشییەکاندا، بەڵام بەهۆی نەبوونی پشتگیرییەوە ناچار لە ناخی خۆیاندا هێشتوویانەتەوە.

*** داواکاریت لە بەرپرسانی وەرزشی کوردستان چییە؟**

- بە راستی کاتی بەرەوپێشچوون هاتووە، با رەخنەکانمان دروستکەری جیهانێکی پێشکەوتووی وەرزشی بن، نەک رووخێنەر بن. داواکارم لە بەرپرسانی وەرزش کە لە رووی داراییەوە هاوکاریی وەرزشوانان و یانەکان بکەن، چونکە بە هۆی قەیرانی دارایی چەندین یانەی وەرزشی لە کار دوورکەوتوونەتەوە، هاوکات هەوڵی زیاتر کردنەوەی پاڵەوانێتی بدرێت.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- دەستخۆشی لە گۆڤاری گوڵان دەکەم کە بەردەوام و بەبێ جیاوازی خزمەتی سەرجەم وەرزشکارانی شارەکانی کوردستانی کردووە و هەموو کات لە خەمی وەرزشدا بوون.



# تیپی فوتساڵی ئافرۆدێت کێبڕکێ دەکات

تیپی فوتساڵی ئافرۆدێتی شاری سلێمانی ماوەیەکە لە ئامادەکارییەکانی بەردەوامە بۆ بەشداریکردن لە خولی نایابی فوتساڵی یانەکانی کوردستان کە وابڕیارە لە ٢٢ی ئەم مانگە بەبەشداری ژمارەیەك لە یانەکانی کوردستان یارییەکانی دەست پێ بکات، یانەی ئافردێتی شاری سلێمانیش دەیەوێت ئەمساڵ بە تیپێکی تۆکمە و بەهێزەوە بەشداریی ئەو خولە بکات و ئەنجامی گەورەش بەدەست بهێنێت، لەبارەی ئامادەکارییەکانی تیپەکەش (کاروان شێخ زیرەك) راهێنەری تیپی فوتساڵی ئافرۆدێت بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «لەگەڵ ئەوەی کەوا هۆڵی تایبەتمان نییە بۆ یاری، بەڵام مەشقەکانمان ئەنجام دەدەین، هەرچەندە ئەوەش بۆ ئێمە وەکو تیپەکەمان کێشەیە، بەڵام ئامادەکارییەکانمان باشن، چونکە لای ئێمە دڵسۆزی پێش هەموو شتێکە، لەگەڵ ئەوەشدا وەکو یانەکانی دیکە ناتوانین بە پارە یاریزان رابکێشین، هەرکاتێکیش ئافرۆدێت لە ناو خولە کاندابەشدار بێت، بێگومان کێبڕکێ دەکات.» گوتیشی: «دوای پاڵەوانیەتی پارێزگاکان مەشقەکانی خۆمان رانەگرتووە و ئێمەش وەکو یانەکانی دیکە تەنیا بۆ خولی کوردستان تیپ ئامادە ناکەین، بەڵکو بەردەوام دەبین بۆ خولی عێراقی، یان ناوخۆ، هەموو کچە یاریزانەکانیشمان یاریزانی ناو شاری سلێمانین.»

# ئاکرێ دەیەوێت ئەنجامەکانی بگۆڕێت



تیپی تۆپی پێی یانەی ئاکرێ ئەم وەرزە لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان لە قۆناخی یەکەمی خولەکە ئاستی وەکو پێویست نەبووەو، لە دوایین ریزبەندی یانەکان دێت، دەستەی کارگێڕیی یانەی وەرزشیی ئاکرێش بۆ رزگاربوون لەم ئەنجامە خراپانە، بڕیاریداوە گۆڕانکاری لە ریزی یاریزانان بکات و ژمارەیەك لە یاریزانەکانیان ریزی تیپەکەیان جێهیشتووە و ژمارەیەك یاریزانی دیکەیان بۆ ریزی یانەکە هێناوە، بۆ ئەوەی لە قۆناخی دووەمدا بتوانن ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنن، هەریەك لە یاریزانان (بەیدار محەممەد ساڵح، عامر موسەنا، یاریزانی پیشەگەری ئەفریقی ئەدیبایور، هەروەها مازن عەزیز و محەممەد هەرکی) لە ریزی یانەکەدا نەماون و یانەکە دەستبەرداری پێداون، لە بڕی ئەو یاریزانانەش یانەکە گرێبەستی لەگەڵ ژمارەیەك یاریزانی تازە کردووە، بۆ ئەوەی بەلای کەمەوە لەم


# چەندین یانە داوای پاڵەوانە کوردەکەیان کردووە

یاریزانی تیپی یاریبە سیانییەکانی یانەی سلێمانی و پاڵەوانی کوردستان و عێراق و ئاسیا و ئەفریقیا (شاجوان بەهرۆز) ماوەی شەش ساڵ تەنیا بۆ بەرزکردنەوەی ناوی شارەکەی، بە خۆبەخش یاری بۆ یانەی سلێمانی کردووە، بەڵام ماوەیەکە وازی لە یانەکە هێناوە، چەندین یانەش داوایان لێ کردووە لە ریزی ئەوان یاری بکات، لە بارەی چوونی بۆ یانەی دیکە و ئامادەکاری بۆ پاڵەوانییەکانی دەرەوە، شاجوان بەهرۆز بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «خەریکی ئامادەکارییەکانم بۆ ئەوەی بتوانم ئاستی خۆم زیاتر بەرز بکەمەوە، ئێستاش جگە لە هەڵبژاردەی عێراق یاری بۆ هیچ یانەیەك ناکەم.» گوتیشی: «ئێستا لە هیچ یانەیەك یاری ناکەم، بەڵام وا بڕیارە لە ئایندەدا وەك کچە یاریزانێکی کوردستان لە چەند پاڵەوانییەکی ناوخۆ و دەرەوە بەشداری بکەم، ئاماژەی بەوەش کرد کە لە ئامادەکارییەکانی بەردەوام دەبێت بۆ ئەوەی ئاستی دانەبەزێت و بەشداری پاڵەوانیتیەکانی دەرەوەش بکات. لە بارەی ئەو گرێبەستانەش کە بۆی هاتووە، گوتی: «زۆربەی یانەکانی کوردستان لە شارەکانی سلێمانی و کەرکوك و هەولێر داوایان کردووە یارییان بۆبکەم، بەڵام جگە لە هەڵبژاردەی عێراق یاری بۆ هیچ یانەیەك ناکەم، ئێستا سەرقاڵی مەشقەکانی خۆمم لەگەڵ باوکم، هیچ کێشەو گرفتێکم نییە و بەهیوای ئەوەم بتوانم لە پاڵەوانیتییەکانی داهاتوو ئاستی خۆم زیاتر بەرز بکەمەوە.» گوتیشی: «زۆربەی راهێنانەکانم لە رێگەی باوکمەوەیە کە ئەو هەم باوکە و هەم راهێنەرە.»

**فۆتۆ/ هەڵکەوت**



قۆناخە بتوانن ئاستی شایستە پێشکەش بکەن و یانەکە ببەنە قۆناخێکی باشتر، هەریەك لە یاریزانان (محەمەد حەمەد، خالد موسا، بارزان قاسم، ئەحمەد قەلاتوك، عەبدوڵا کەیفی، سامر محەممەد) گرێبەستیان لەگەڵ واژوو کراوە، بۆ ئەوەی ئەگەر تەنیا بۆ ئەم وەرزەش بێت، یانەکە لە قەیرانی دابەزین رزگار بکەن.



## رۆنالدۆ داوای هاتنی دوو یاریزان دەکات بۆ یۆڤانتوس

بە گوێرەی سەرچاوەکانی راگەیاندنی ئیسپانیا و ئیتاڵیا، کریستیانۆ پێشنیاری گواستنەوەی دوو ئەستێرەی ریال مەدریدی بۆ راهێنەری یوڤانتوس کردووە و لەگەڵ یاریزانێکی دیکەش لەسەرهێڵە.
رۆژنامەی مارکای ئیسپانیا، ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کریستیانۆ لە هەوڵی ئەوەدایە مارسێلۆ و ئیسکۆ رازی بکات پەیوەندی بە یانەی یوڤێنتۆس بکەن.
بە گوێرەی هەمان سەرچاوە، کریستیانۆ لەگەڵ یاریزانێکی دیکەی ریال مەدریدیش قسەی کردووە بۆ ئەوەی هاوینی داهاتوو دریسی یوڤێنتۆس بپۆشێت، ئەویش خامیس رۆدریگێزە، کە بەشێوەی خواستن دوو وەرزە لە ریال مەدریدەوە پەیوەندی بە بایرن میونیخ کردووە، یانە باڤارییەکە ئامادە نییە لە کۆتایی ئەم وەرزە نرخی هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی رۆدریگێز بدات و دەستبەرداری دەبێت و دەگەڕێتەوە بۆ ریال مەدرید.
لە لایەکی دیکەشەوە، ماڵپەری کاڵچیۆ مێرکاتۆ ئەم هەواڵەی پشتراست کردۆتەوە، کە تێیدا کریستیانۆ ئارەزووی ئەوە دەکات مارسێلۆ، خامیس رۆدریگێز و ئیسکۆ پەیوەندی بە یوڤێنتۆس بکەن.



## پاتۆ گەڕایەوە وڵاتەکەی

ئەلیکساندەر پاتۆ یاریزانی یانەی تیانجینی چینی دەگەڕێتەوە بەرازیل.
بەگوێرەی هەواڵی میدیاکانی بەرازیل، خۆرخی سامپاولی راهێنەری یانەی سانتۆسی بەرازیلی لەگەڵ پاتۆی یاریزانی یانەی تیانجین گفتوگۆی کردووە و داوای لێکردووە بچێتە سانتۆس و بگەڕێتەوە بەرازیل.
هەر بە گوێرەی سەرچاوەکانی بەرازیل، یاریزانەکە دەیەوێت لە یانە چینییەکە بڕوات و بگەڕێتەوە بەرزایل، بەڵام مووچەکە کە ٥ ملیۆن یۆرۆیە رێگرە لەبەردەم رۆیشتنی یاریزانەکە لە یانەکەی.
ئەلیکساندەر پاتۆ، لە کۆتایی ٢٠١٩ گرێبەستەکەی تەواو دەبێت، لە گواستنەوەی زستانە زۆری نەمابوو بچێتە یانەیەکی تورکی بەڵام بەهۆی رێکنەکەوتن لە خاڵەکانی گرێبەستەکە گواستنەوەکە ئەنجامنەدرا.

## رۆما یاریگایەکی نوێ

یانەی رۆمای ئیتاڵی بەنیازە یاریگەکەی بگۆڕێت و یاریگەیەکی نوێ بۆ خۆی بکاتەوە.
لە هەواڵێکی رۆژنامەی لاگازێتا دیلۆ سپۆرتدا هاتووە، یانەی رۆما بەنیازە یاریگەیەکی ٥٢ هەزار کەسی دروستبکات و ئیدی یاریگەیەکی سەربەخۆی هەبێت.
هەر لە هەواڵەکەدا هاتووە، پێشتر لەبەردەم پرۆژەی دروستکردنی یاریگە نوێیەکەی رۆما چەند بەربەستێک هەبوو، بەڵام شارەوانی رایگەیاند ئیدی بەربەست نەماوە بۆ دروستکردنی ئەو یاریگەیە و دەتوانن دروستی بکەن.
لە ساڵی ٢٠١٧ یانەی رۆما پرۆژەیەکی گەورەی خستە بەردەم شارەوانی شارەکە کە پێکهاتبوون لە درووستکردن ٣ باڵەخانەی



## مۆرینهۆ دادگایی کرا

دادگای ئیسپانیا بڕیاریدا سزای زیندانی بۆ ماوەی ساڵێك بەسەر خۆزێ مۆرینهۆ بسەپێنێت لەگەڵ هەڵپەساردنی جێبەجێکردنی بڕیارەکە.

خۆزێ مۆرینهۆی راهێنەری پێشووی مانچێستەر یونایتد و ریال مەدرید بە تۆمەتی خۆدزینەوە لە باجدان لەلایەن دادگای ئیسپانیاوە بڕیاری سزادانی بە زیندانیکردن بۆ ماوەی ساڵێك بەسەردا سەپێنرا، بەڵام ئەو راهێنەرە پۆرتوگالیە هیچ رۆژێك لە زیندان بەسەر نابات و بە پێبژاردن قەرەبووی دەکاتەوە.

دادگای ئیسپانیا ئاشکرای کردووە مۆرینهۆی پۆرتوگالی لە نێوان ساڵانی ٢٠١١ بۆ ٢٠١٢ ئەو کاتەی راهێنەری ریال مەدرید بووە باجی نەداوە و دوای لێکۆڵینەکان راستی تۆمەتەکە سەلمێنراوە.

پێشتریش چەند یاریزانێك لە ئیسپانیا بە تۆمەتی خۆ دزینەوە لە باجدان لە دادگایی کراون لەوانە لیۆنێل مێسی و کریستیانۆ رۆناڵدۆ و چابی ئالۆنسۆ.

## دروست دەکات

بەرزی هەوربڕ و یاریگەیەکی ٥٢ هەزار کەسی، بەڵام بەهۆی پەیوەست نەبوونی یانەکە بەو گرێبەستەی کە لەگەڵ شارەوانی ئەنجامییاندابوو رێگەیان نەدا پڕۆژەکەیان تەواوبکەن.

